ئاسایشی نیشتمانی تۆڕێکی مادەی هۆشبەری هەڵوەشاندەوە کە بازرگانیان بەمادەی ماریجوانا دەکرد لە بەغدا

ئەمڕۆ هەینی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی هەڵوەشاندنەوەی تۆڕێکی ماددە هۆشبەرەکانی ڕاگەیاند کە بازرگانیان بەمادەی هۆشبەری ماریجوانا دەکرد لە بەغدا.

لەبەیاننامەیەکی ئاژانسەکەدا هاتووە : مەفرەزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی، بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە دروستەکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دادوەری لە بەغدا، توانیان تۆڕێك هەڵبوەشێننەوە کە بازرگانی بە مادەی ماریجوانی هۆشبەریان کردووە و دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەگەڵ ئەندامەکانی، بەڕاشکاوی دانیان بەوەدا ناوە کە بانگەشە و بازرگانیکردنیان کردووە و بڕێکی زۆر لەم کەرەستانەیان لە ماڵێکدا شاردەتەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : لە ئەنجامدا دەست بەسەر کەرەستەی مادەی هۆشبەردا گیراوە و تۆمەتباران لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری کارامە کران، بۆ ئەوەی بەپێی یاسا ڕێکاری پێویستیان بەرامبەر بگرنەبەر.